# گەشەکردنی ناسەرمایەداریی .. داوی بۆلشەڤیکەکانی ڕوس

**نەوزاد وەلی**

لە سەردەمی دوای شەڕی جیهانیی دووەمدا کە لە زۆربەی وڵاتە داگیرکراوەکان لە لایەن وڵاتانی ڕۆژئاواوە ، هەروەها لە سیستمە پاشایەتی و وڵاتە دواکەوتووەکاندا ، زنجیرەی کودێتاکردن و "شۆڕش"! لە لایەن ئۆفیسەرانی پلە بەرز و هەندێک جاریش پلە نزمی سوپاکانی ئەو وڵاتانەوە دەستیپێکرد ، لە هەمان ئەو سەردەمەدا یەکێک لە ئەندامانی جێگری مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی سۆڤیەت کە ناوی بۆریس پۆنۆمارێڤ بوو ، زیادتر بە " پۆنۆماریۆڤ" ناسراوبوو ، کتێبێکی نوسیبوو بە ناوی **"گەشەکردنی ناسەرمایەداریی ، بەرەو سۆشیالیزم"**.

ناوەڕۆک و تەنیا نمونەیەکی ئەو کتێب و تیۆرییە لە ئەو سەردەمەدا ، ئەزمونەکەی میسری جەمال عەبدولناسر بوو! بەپێی ئەو تیۆرییە ، مەرج نەبوو کە حیزبێکی شیوعی ، یان سۆشیالیستیی ، یان بزوتنەوەیەکی کارگەریی بەپێی بنەما ئابورییەکانی مارکسیزم و قۆناغ و زەمینەی کۆمەڵایەتی و مێژوویی ، ئابوری و سیاسی ، کۆمەڵگەیەک لە قۆناغێک و لە سیستمێکەوە بگوێزرێتەوە بۆ قۆناغ و سیستەمی سۆشیالیستیی. ناوەڕۆکی



**جۆزێف ستالین**
**یەکەم و گەورەترین خوێنڕێژی شیوعییەکان لە دنیادا**



**وەک لە سیستمی پاشایەتی و خێڵەکییدا ، بە وەسیەتی لێنین خۆی ، ستالین بوو بە جێگرەوەی و سکرتێری حیزبەکەی!**

تیۆرییەکەش لە ڕاستییدا و بە کردەوە ئەوە بوو کە تەنانەت **"پیاوانی سوپا"ش ئەتوانن بە هۆی دەسەڵاتەکەیانەوە ، بە زەبر سۆشیالیزم بەسەر گەلانیاندا بسەپێنن ، لەبەرئەوە ، ئەبێت حیزبە شیوعی، سۆشیالیست و کارگەرییەکانیش لە ئەو وڵاتانەدا ، هاوکاریی ئەو ئۆفیسەر و کودێتاکەرانە بکەن ، بۆ کارئاسانییان بەرەو سۆشیالیزم ، تەنانەت ئەگەر بە توانەوەی حیزبەکانیشیان بێت لە ناو حیزب و ڕێکخراوەکانی ئەو جەنەراڵانەدا.**



**بۆریس پۆنۆماریۆڤ**

دواتریش میخائیل سوسلۆڤ کە یەکێک لە بیریارانی کریملین بوو ، بە چڕیی لەسەر ئەو تیۆرییەی ئەنوسی ، هەروەها دەیان "بیریار"!ی تر لە وڵاتە سۆشیالیستەکان و هەندێک لە "ڕۆشنبیران"!ی حیزبە شیوعییەکانیش بە پیاداهەڵدان لەسەر ئەو تیۆرییەیان ئەنوسی. لە لای شیوعییەکانی عێراق و ناوچەکە ، ئەو تیۆرییە زیادتر بە ناوی سوسلۆڤەوە ئەناسرا.

ئەو تیۆرییە ، یان ڕاستتر ئەو سیاسەتە ، نزیک بوو لە فریدمانیزمەوە ،



**میخایل سوسلۆڤ**

تیۆرییەکەی میلتۆن فریدمان ئەوە بوو کە لە کاتی کارەساتە سروشتییەکان و کودێتا و گۆڕانکارییە گەورەکان ، یان کتوپڕەکاندا ، ئەبێت سەرمایەداران دەستبوەشێنن ، لە ئەو بارودۆخە ئاڵۆز و شڵەژان و تاساوییەدا ، تا ئەتوانن کەرتە گشتییەکانی وڵاتەکەیان بکەن بە تایبەتیی و بازاڕی ئازاد ، بەڵام تیۆرییەکەی گەشەکردنی ناسەرمایەداریی ، هەر وەک شەڕی ساردەکەیان ، بەپێچەوانەوە بوو. ئامرازەکانی سەپاندنی ناوەڕۆکی هەردوو تیۆرییەکە ، نزیکەی هەر وەک یەک بوون ، بەڵام فریدمانیزم لەپێناوی سەرمایەداریی تایبەتدا ، گەشەکردنی ناسەرمایەدارییش بە ناوی سۆشیالیزمەوە لەپێناوی سەرمایەداریی دەوڵەتییدا.

سەرانی حیزبی شیوعی سۆڤیەت ، هەر لە ئەو ڕوانگەیەوە ، لایان وا بوو کە جەنەراڵەکانی ئیندۆنیسیا ، میسر ، سوریا ، جەزائیر ، سودان ، عێراق و هەندێک وڵاتی تر کە بە کودێتاکردن دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست ، ئەتوانن کۆمەڵگەکانیان بەرەو سۆشیالیزم ببەن ، بەبێ تێپەڕبوون بە قۆناغی سەرمایەدارییدا.

نمونەی تێوەگلانی حیزبە شیوعییەکانی سەربە ڕوس لە ئەو تیۆرییە سەقەتەوە هێجگار زۆرە ، بە نوسینی دەیان کتێب تەواو نابێت ، بەڵام ئەوەی لە ئەم باسەدا بە لامەوە گرنگە ، تێوەگلانی سەرکردەکانی حیزبی شیوعی عێراقە بە ئەو تیۆری و سیاسەتەماڵوێرانکەرانەوە ، ئەو سیاسەتانەی کە زیادتر لە جارێک بوون بە هۆی تراجیدیای گەورە بۆ گەلانی عێراق ، بێگومان بۆ شیوعییەکان خۆشیان پێش هەر کەسێکی تر.

بۆلشەڤیکە لێنینیستەکانی ڕوس لە ڕوانگەی ئەو تیۆرییەوە ، لە ساڵی 1964 دا لایان وا بوو کە جەنەراڵ عەبدولسەلام عارفی کودێتاکەر بەسەر شۆڕشەکەی تەموزی عێراقدا ، قەلاچۆکەری شیوعییەکانی عێراق ، ئەتوانێت کۆمەڵگەی عێراق بەرەو سۆشیالیزم ببات.

دواتریش لە دوای کودێتاکەی جەنەراڵ ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر و بەعسییەکان لە عێراق لە ساڵی 1968 دا بەسەر جەنەراڵ عەبدولڕەحمانی برای عەبدولسەلام عارف دا ، بۆلشەڤیکەکانی ڕوس هەمان ئەو ڕایەیان هەبوو کە جەنەراڵ ئەلبەکر و حیزبی بەعسی عێراق ئەتوانن کۆمەڵگەی عێراق بەبێ تێپەڕبوون بە قۆناغی سەرمایەدارییدا بەرەو سۆشیالیزم ببەن!

ئەوە لە کاتێکدا بوو کە لێنینیستەکانی ڕوس ساڵانێک بوو ئەوەیان بینیبوو کە پەیڕەوکردنی ئەو تیۆری و سیاسەتە لە میسردا ، نەک هەر کۆمەڵگەی میسری بەرەو سۆشیالیزم نەبرد و بە قۆناغی سەرمایەدارییدا تێنەپەڕی ، تەنانەت سەرمایەدارییەکی نوێشی لە میسردا دروستکرد کە تا ئەو کاتە سەرمایەدارییەکی لە ئەو جۆرە لە فەرهەنگی ئابوری و سیاسیدا نەبوو: **"سەرمایەداریی سەربازیی"** ، چونکە سوپا بە تەواویی دەستیگرت بەسەر هەموو جومگەکانی پیشەسازیی ، بازرگانیی و دارایی کۆمەڵگەی میسردا ، تا ئێستاش هەر سوپا وڵات بەڕێوەئەبات ، ئەوە جگە لە ئەوەش کە پەیڕەوکردنی ئەو

سیاسەتە ، بوو بە هۆی لەناوبردنی شیوعییەکان و دیموکراتیی لە میسردا.

**ئەو تیۆرییە نەک هەر لە ڕاستییەوە دور بوو ، تەنانەت دژی تیۆرییە ئابورییەکانی کارڵ هێنریخ مارکس بوو ، ئەو تیۆری و بیروباوەڕانەی کە بنەمای دروستبوونی هەموو حیزبێکی شیوعین!**

لەگەڵ ئەوەشدا ، چونکە ئەو کتێبە لە لایەن کەسێکی ناو کرێملینەوە نوسرابوو ، حیزبی شیوعی عێراق و زۆربەی حیزبە شیوعییەکانی سەربە سۆڤیەت ، بە زۆر ئەندامانیان پێ "ڕۆشنبیر"! ئەکرد ، بەتایبەتیی لە دوای هاوپەیمانیی و بەشدارییکردنی حیزبی شیوعی عێراق لە بەرەکەی بەعسدا.

هەندێک لە سەرکردە و کادێرەکانی حیزبی شیوعی عێراق ، بەتایبەتیی ئەوانەی کە سالآنێک بوو لە مۆسکۆ و پایتەختەکانی ولآتە سۆشیالیستییەکان لە "مەدرەسە حیزبییەکان"دا ئەژیان ، تا سەر مۆخ سۆڤیەتیی ، لێنینیست و ستالینیست بوون ، بە ڕادەیەک کە هەندێکیان لە ستالین ستالینییتر بوون ، باوەڕێکی کوێرانەیان بە **"گەشەکردنی ناسەرمایەداریی بەرەو سۆشیالیزم"** هەبوو!

بێگومان لە هەمان کاتیشدا ژمارەیەکی زۆری سەرکردە و کادێران و ئەندامان لە ناووەی ولآت ، دژی ئەو تیۆرییە سەقەتە بوون.

**"هەندێک"** لە سەرکردەکانی حیزب کە بە هەر چوار پەل کەوتبوونە ناو ئەو گێژاوە فیکرییەی گەشەکردنی ناسەرمایەدارییەی لێنینیستەکانی ڕوسەوە ، کەم و زۆر دانیان بە ئەو هەڵەیەیاندا ناوە ، پەشیمانیی خۆیان بە نوسین (لە کتێب و بیرەوەرییەکانیاندا) دەربڕیوە ، بەڵام هەندێکیان وەک ئەبوشروق ، تا ئێستاش هەر نکۆڵیی لە کاریگەریی ئەو تیۆرییە لەسەر حیزبی شیوعی عێراق ئەکەن!

جاسم الحلوائي ئەڵێت: **(ئەو بەرەیەی لەگەڵ بەعسدا ، هیچ پەیوەندییەکی بە گەشەکردنی ناسەرمایەدارییەوە نەبوو ، تا کۆنگرەی سێیەمیش لە هیچ ڕێکخراوێکی حیزبدا باسی ئەو تیۆرییە نەکراوە و لە ئەدەبیاتی حیزبیشدا باسنەکراوە).**[102]

هەروەها ئەڵێت: **(گەشەکردنی ناسەرمایەداریی لە کۆنگرەی سێیەمی حیزب لە ساڵی 1976 دا بڕیاری لەسەر درا ، لە کۆی دەنگی 300 نوێنەر تەنیا 33 نوێنەر دژی بوون).**[103]

ئەبوشروق وەک پەیڕەوکەرێکی سەرسەختی ئەو سیاسەتە هاوپەیمانیی و

بەرەییە مالۆیرانکەرە لەگەڵ بەعسدا ، تا ئەم زستانی تەمەنەشی هەر بەردەوامە لە داکۆکییکردن لە ئەو سیاسەتە هەڵانە.

کێ هەیە لە شیوعییەکان کە هەر لە ساڵی 1969 وە کە مانگنامەی "الثقافة الجدیدة" بە ڕەسمیی لە عێراقدا دەرچوو ، هەروەها لە ساڵی 1972 شەوە کە "بیری نوێ" بە ڕەسمیی دەرچوو ، تەنانەت دوای ڕاونان لە بەرەکەی بەعس و لە خەباتی چەکدارییش لە هەشتاکاندا ، لە کۆبوونەوەکان و لە خاڵی یەکەمی کۆبوونەوەکان کە "ڕۆشبیریی ، یان ڕۆشنبیرکردن بوو کە بە عەرەبیی التثقیف" بوو ، جارێک لە جاران باسێکی کتێبە بێناوەڕۆکەکەی میخایل سوسلۆڤی نەخوێندبێتەوە؟
لە بەهاری ساڵی 1981 دا کوڕێکی گەنج کە هەر 18 ساڵ ئەبوو ، هات بۆ پێشمەرگایەتی ، لە بواری حیزبییدا دایان بە شەهید هاوڕێ ئەحمەد مارف کە لە پێشمەرگایەتیدا ناسراوبوو بە مام ڕەسوڵ. پاش ماوەیەک ئەو هاوڕێیە بێزار بوو ، ئەیوت ناچمە شانەکەی مام ڕەسوڵەوە ، 22 ساڵە کتێبێکی سی لاپەڕەیی گەشەکردنی ناسەرمایەداریی بە دەستەوەیە ، هەر ئەیلێت و ئەیلێتەوە! ئەوە لە کاتێکدا بوو کە ساڵەهای ساڵ بوو مام ڕەسوڵ ئەندامی کۆمیتەی ناوخۆیی پارێزگای سولەیمانیی بوو.
بەش بە حاڵی خۆم ، پێش بەرەکەش و دوای بەرەکەش ، دەیان جار لە ڕێکخراوە جۆراوجۆرە حیزبییەکاندا ، بەتایبەتیی لە ڕێکخراوە حیزبییەکانی قوتابیاندا ، وتووێژی باسەکانی ئەو تیۆرییە و کتێبەکانی پۆنۆماریۆڤ و سوسلۆڤم کردووە.
لەگەڵ ئەوەشدا کە دەیان هەزار شیوعی ڕێکخراو شاهیدی ئەو ڕاستییەن ، بەڵام تا ئێستاش حەڵوایی و هاوشێوەکانی نکۆڵیی لە کاریگەریی تیۆرییە سەقەتەکەی **"گەشەکردنی ناسەرمایەداریی"** لە بڕیاردانی سیاسەتەکانی سەرکردایەتی حیزبدا ئەکەن ، لە کاتێکدا کە نەک هەر تەنیا حیزبی شیوعی عێراق ، بەڵکوو تەواوی حیزبە شیوعییەکانی سەربە سۆڤیەت لە دنیادا ، کەوتنە ئەو داوی گەشەکردنی ناسەرمایەدارییەی بۆلشەڤیکە لێنینیستەکانی ڕوسەوە ، ئەوە جگە لە ئەوەش کە چەندان ڕژێم و جەنەراڵی کودێتاکەر کە فڕیان بەسەر سۆشیالیزم و کۆمونیزمەوە نەبوو ، وەک جەمال عەبدولناسر ،

هەواری بۆمەدێن ، عەبدولسەلام عارف و ڕژێمەکانیان ، کەم و زۆر کەوتنە ناو ئەو زۆنگاوەوە.

دۆکتۆر رحیم العجینة کە دەیان ساڵ ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی شیوعی عێراق بوو ، لە نامەیەکیدا بۆ عزیز سباهي دەربارەی پەیمانی ئەلجەزائیر ، واتە سەردەمی **پێش کۆنگرەی سێیەم** ، ئەڵێت: (**... هەندێکیش لە سەرکردەکانی حیزب هەر بەردەوام بوون لە وتندا لەسەر گەشەکردنی ناسەرمایەداریی بەرەو سۆشیالیزم.**)[104]

لەگەڵ ئەوەشدا حەڵوایی هەر ئەڵێت پێش کۆنگرەی سێیەمی حیزب بە هیچ جۆرێک لە ناو حیزب ، ڕێکخراوەکانی و ڕاگەیاندنەکانیدا باسی گەشەکردنی ناسەرمایەداریی نەکراوە!

(**بۆ کۆنگرەی سێیەم ، مەکتەبی سیاسی کۆمیسیۆنێکی دروستکرد کە بەرنامەی حیزب دابڕێژێت. پێکهاتبوو لە زکي خیري سەرۆکی کۆمیسیۆنەکە ، ئەندامانیش عومەر شێخ عەلی ، عبدالرزاق الصافي ، کاظم حبیب، جاسم الحلوائي و دۆکتۆر رحیم العجینة .**)[105]

سێ کەسی یەکەم ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بوون ، سێ کەسی دووەمیش کاظم حبیب کادێری باڵا ، ڕۆشنبیری ناودار و ئابوریزانێکی زیرەک و بەتوانا بوو، دووانەکەی تر ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی بوون.

پاش تەواوبوونی کارەکانی کۆمیسیۆنەکە و دەوڵەمەندکردنی بەرنامە گەڵاڵەکراوەکە لە لایەن ئەندامانی حیزبەوە لە ڕێی کۆنفرانسەکانی ڕێکخراوە هەمەجۆرەکانیانەوە ، بڕیارئەدرێت کە وەفدەکە بچێت بۆ مۆسکۆ ، "**هەر وەک حیزبە شیوعییە براکان**" بەرنامەکە پێشانی بۆلشەفیکە "عەبقەری!"ـەکانی ڕوس بدەن ، ئەوانیش ڕەزامەندیی خۆیان لەژێر ڕۆشنایی گەشەکردنی ناسەرمایەداریی بەرەو سۆشیالیزمدا ، لەسەری دەرببڕن!

بێگومان ئەوەی یەک تاکە ڕۆژ حیزبایەتی کردبێت ، ئەو ڕاستییە ئەزانێت کە ئەو سەردانەی ئەو کۆمیسیۆنە بۆ مۆسکۆ ، بڕیاری کۆمیسیۆنەکە نەبووە ، بەڵکوو ئەوە بڕیاری مەکتەبی سیاسی حیزب بووە.

وەفدەکە جگە لە کاظم حبیب کە بە هۆی کارەوە نەیتوانی بچێت ، لە مۆسکۆ بە درێژایی چوار ڕۆژ لەگەڵ (**وەفدێک کە لە لایەن کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی شیوعی سۆڤیەتەوە دانرابوو ، کۆبوووەوە. وەفدەکەی ئەوان بریتی بوو لە پلاییف ، لێکۆڵەری تایبەت لە کاروباری عەرەبییدا، زمانی عەرەبییشی ئەزانی ، سەرۆکی وەفدەکە بوو ، ڕێژێنکۆ لێکۆڵەری تایبەت لە بزوتنەوەی کۆمونیزم لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا ، هەروەها نیچیکین بەرپرسی پەیوەندیی نێوان حیزبی**

**شیوعی سۆڤیەت و حیزبی شیوعی عێراق.)**.[106]

لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا حەڵوایی هەر ئەڵێت پێش کۆنگرە کەس باسی گەشەکردنی ناسەرمایەداریی نەکردووە! لە کاتێکدا هەموو سیاسییەک ئەو ڕاستییە ئەزانێت کە هەڵبژاردنی ڕەوتێکی سیاسی و ئایدیۆلۆجیایی لە لایەن حیزبێکی گەورە و خاوەن مێژوووەوە ، دواتریش داڕشتنی ئەو سیاسەت و ئایدیۆلۆجیایە لە بەرنامە و پرۆگرامی حیزبەکەدا ، زادەی ڕۆژ و ساڵ نیە ، واتە سەردەمێک و ساڵانێک پێشتر ئەو ڕەوتە بە کردەوە هەڵبژێرراوە و کاری پێ کراوە ، بەڵام لە بەرنامە و پەیڕەوە ناوخۆییەکەدا هێشتا نەنوسراوە ، هەر وەک هاوپەیمانیی و بەرەکەی بەعس کە لە ساڵی 1968 دا دوای کودێتاکەی بەعس سەرەتاتکێ و وتوویژ دەستپێکرد ، لە ساڵی 1972 دا بوو بە واقیع بە بەشدارییکردنی دوو وەزیری شیوعی لە حوکمی بەعسدا ، بەڵام لە ساڵی 1976 لە کۆنگرەی سێیەمدا ئەو سیاسەتە **"هاوپەیمانیی بەعس"** چووە ناو پەیڕەو و پرۆگرامەکەی حیزبەوە. هەروەها لە بەرنامەکەی حیزب و بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی دووەمدا کە لە ساڵی 1970 دا گیرا ، بە کودێتاکەی بەعسییەکان ئەوترا **"کودێتا"** ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە حیزب لە ساڵی 1972 دا بە دوو وەزیر بەشداریی لە حوکمی بەعسدا کرد ، ئیتر شەش ساڵ دوای کۆنگرەی دووەم ، لە کۆنگرەی سێیەمدا لە بەڵگەنامەکان و بەرنامەکەی حیزبی شیوعی عێراقدا ، کودێتاکەی بەعسییەکان گۆڕا بۆ **"شۆڕشی حەڤدەی تەموز"!**

لە ساڵی 1964 دا لە دوای شەهیدبوونی "سەلام عادل" سکرتێری حیزب و زۆربەی سەرکردەکانی حیزب لە کودێتاکەی بەعسییەکان ، ناسرییەکان و نەتەوەپەرستەکانی عەرب لە هەشتی شوباتی 1963 دا ، لە یەکەم کۆبوونەوەی دوای کودێتاکەدا ، ئەو ئەندامانەی کۆمیتەی ناوەندیی کە مابوون و لە مۆسکۆ و پراگ ئەژیان ، کۆمیتەیەکی ناوەندیی نوێیان هەڵبژارد ، عەزیز محەمەد بوو بە سکرتێر ، کۆمیتەی ناوەندیی نوێ لە یەکەم بەیاننامەیدا ڕایگەیاند:

(- **<u>کۆبوونەوەی تەواوی کۆمیتەی ناوەندیی تێبینی ئەوە ئەکات کە گۆڕانکارییە نوێیەکان لە بواری جیهانیی و عەرەبییدا ، دەرفەتیان بۆ عێراق ڕەخساندووە کە بتوانێت ئەو ڕێیە بگرێتەبەر کە میسر و جەزائیر گرتوویانە ، ئەویش ڕێی گەشەکردنی ناسەرمایەدارییە.</u>**

**<u>- هەوڵدان بۆ یەکخستنی جەماوەری کارگەران و هێزە نیشتمانیی و پێشکەوتنخوازەکان لە تاکە یەک</u>**

**ڕێکخراودا ، وەک لە هەندێک لە وڵاتە عەرەبییەکاندا ئەکرێت ، وەک لە میسر و جەزائیر ، پێویستە ئەو ڕێکخراوە بە شێوەیەکی وا بەرفرەوان بێت کە هەموو هێزە شۆڕشگێڕەکان و لە پێشیشیانەوە هەموو حیزبە شیوعییەکان بگرێتەوە**.)[107]

تێبینی: هێڵەکانی ژێر برگەکان لە سەرچاوەکەدا نین ، بۆ زیادتر سەرنجڕاکێشانی خوێنەر کێشاومن.

ئیتر سەیر لە ئەوەدایە کە جاسم حەڵوایی و زۆری وەک ئەو ، تا ئێستاش هەر نکۆڵیی لە پەیڕەوکردنی ئەو سیاسەتە ئەکەن ، بەتایبەتیی حەڵوایی کە ئەڵێت پێش کۆنگرەی سێیەم ئەو تیۆرییە لە ناو حیزبدا باسنەکراوە! لە کاتێکدا ئەوەتا **دوانزە دانە ساڵ پێش کۆنگرەی سێیەم** کە لە ساڵی 1976 دا گیرا ، بە ڕەسمیی و لە ڕادیۆی مۆسکۆ و پراگەوە ، لە زمانی سکرتێرە نوێیەکەوە ئەو بڕیارەی کۆمیتەی ناوەندیی نوێ ڕاگەیانراوە. کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی نوێ پەیڕەوکردنی ئەو سیاسەتەی کرد بە بەرنامەی هەنوکەیی ئەو سەردەمە و ستراتیجیی حیزب، هەموو حیزبە شیوعییەکانیش بە ئەو سیاسەتەی حیزبی شیوعی عێراق ئاگادارکران.

هەرچەندە پێش کۆبوونەوەکەی ئابی 1964 بە ڕەسمیی ئەو سیاسەتە ڕانەگەیانرابوو ، بەڵام پێنج ساڵ پێشتریش ، بڕیارەکانی کۆبوونەوەکەی کۆمیتەی ناوەندیی لە تەموزی ساڵی 1959 دا ، بە کردەوە دەستپێکی پەیڕەوکردنی ئەو سیاسەتی گەشەکردنە ناسەرمایەدارییە بوو ، واتە **حەڤدە ساڵ پێش ئەو مێژووەی کە حەڵوایی ئەیڵێت ، ئەو تیۆری و سیاسەتە بە هەر چوار پەل لە عێراقدا لە لایەن سەرکردایەتی حیزبی شیوعی عێراقەوە پیادەئەکران**.

زەقترین بەرهەمەکانی ئەو پەیڕەوکردنەی سیاسەتی گەشەکردنی ناسەرمایەدارییە ، بریتیی بوون لە **سەرکزکردنی حیزبی شیوعی عێراق لەژێر سێبەری حوکمی قاسمدا ، هێڵی ئاب ، هاوپەیمانیی و چوونە بەرەکەی بەعسەوە** ، بەرەیەک کە هەر لە ساڵی 1972 وە بە بەشدارییکردنی حیزب بە دوو وەزیر لە حکومەتی بەعسدا و دەرچوونی هەفتەنامەی "بیری نوێ"ی حیزبی شیوعی دەستییپێکرد ، کەواتە ئەوەی کە حەڵوایی ئەڵێت پێش کۆنگرەی سێیەم لە ساڵی 1976 دا ، کەس باسی گەشەکردنی ناسەرمایەداریی نەکردووە ، بە هیچ جۆرێک و لە هیچ قوژبنێکەوە ناچێتە خانەی ڕاستییەوە ، لە ئەو بڕوایەشدا نیم کە لە ئەم

سەردەمەدا ، نەک هەر شیوعییەک ، تەنانەت سیاسییەک هەبێت کە بە ئەو قسەیەی ئەو بڕوابکات.
کۆیلەیی فیکریی ئەم بۆ ئەو و هەمووشیان بۆ ڕوس ، لە ناو حیزبە شیوعییەکاندا بە ڕادەیەک بووە ، بەتایبەتیی لە ناو حیزبی شیوعی عێراقدا کە هاوڕێ حەلاوایی ناتوانێت هەر وا بە ئاسانیی نکۆڵیی لێ بکات. ئەوەتا هەر خۆی ئەڵێت لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی لە حوزەیرانی ساڵی 1960 دا بڕیارئەدرێت: (**ثابت حبيب العاني ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی** "هەروەها بەرپرسی مەکتەبی عەسکەریی حیزب ـ ن.و" **لە ئەندامیەتی سڕبکرێت ، بە هۆی کۆیلەبوونی فیکرییەوە بۆ عامر عبدالله کە یەکێکە لە سەرانی بەرهەڵستکار..).**[108] لە ڕاستییدا ثابت و عامر هەردووکیان خەڵکی عانە بوون ، خزمیش بوون.
کۆیلەیی ئەو حیزبە شیوعییانەی سەربە ڕوس بوون ، بۆ مۆسکۆ ، نەک هەر تەنیا لە ڕووی فیکرییەوە ، بەڵکوو لە زۆر ڕووەوە بە ڕادەیەک بوو کە وەک کورد ئەڵێت ، منداڵی سەر بێشکەش هەستیپێئەکرد.

**(گومانی تیادا نیە کە ئەگەر بزوتنەوەی کۆمونیزم و سۆڤیەتی پێشڕەوی ، گەشەکردنی ناسەرمایەدارییان نەگرتایەتەبەر ، ئەوا حیزبی شیوعی عێراقیش ئەو ڕێیەی نەئەگرتەبەر).**[109]

لێرەدا هاوڕێ حەلاوایی بە مەبەست بێت ، یان لە نەزانینەوە ، بزوتنەوەی کۆمونیزم پێش سۆڤیەتەکە ئەخات! لە کاتێکدا کە ئەو تیۆرییە ماڵوێرانکەرە لە کرێملینەوە بڵاوبووەوە ، نەک لە بزوتنەوەی کۆمونیزمەوە! لەبەرئەوەی کە حەلاوایی وەک لێنینیستێکی سەرسەخت ناسراو بوو ، بۆیە هیچ دور نیە کە ئەوە مەبەستی بێت ، بۆ ئەوەی خوێنەری ناشارەزا لە ئەو بوارەدا وا لێی تێبگات کە ئەو تیۆرییە ماڵوێرانکەرە لە سەرەتادا لە ناو بزوتنەوەی کۆمونیزمدا لە لایەن یەکێک لە حیزبە شیوعییەکانەوە بڵاوبووەتەوە ، دواتریش سۆڤیەت پەیڕەویکردووە ، نەک بە پێچەوانەوە!
گرنگ ئەوەیە کە حەلاوایی دواجار دان بە ئەوەدا ئەنێت کە حیزبی شیوعی عێراق وەک حیزبە شیوعییەکانی برای ، سەرچاوەی پەیڕەوی ناوخۆ ، بەرنامە و بڕیارەکانیان ، مۆسکۆ و بۆلشەفیکەکانی ڕوس بوون.
لە کۆنگرەی سێیەمدا کاتێک کە بەهادین نوری و کەسانی تر هێرشئەکەنە

سەر سیاسەتی گەشەکردنی ناسەرمایەداریی ، کلکایەتی بەعس و نەبوونی دیموکراتیی لە ناو حیزبدا ، (**زەکی خیری ـ کە لە ساڵی 1973 دا دژی بەرەکە بوو ، بەڵام دواتر 180 پلە بایدابووەوە ـ ڕاپەڕی و بەرپەرچمیدایەوە ، بە گەرمییەوە داکۆکیی لە سیاسەتە کلکایەتییە داڕێژراوەکە کرد و هێرشیکردە سەر بەرهەڵستکارانی ، بە ئەوەش ، بمانەوێت و نەمانەوێت، بە بەعسدا هەڵیدا کە لەسەر "ڕێی ناسەرمایەداریی" ئەڕوات.**)[110]

(**لە سەرووی ئەو چالاکییە خۆپەراوێزخستنە ترۆتسکییانانەدا ، ژمارە (1) بەهادین نوری بوو کە لە کۆنگرەی سێیەمدا دژی ئەو تیۆری و سیاسەتە بوو ، توانی باوەڕ بە 59 کەس لە 60 نوێنەرەکەی کوردستان بهێنێت ، لە دەنگداندا دژی ئەو تیۆرییە و سیاسەتی حیزب دەنگیاندا... وا بە ئاشکرا دژایەتی سۆڤیەتی ئەکرد کە هەمووان هەستیان پێئەکرد...**)[111]

شایانی سەرنجە لێرەدا زەکی خەیری ئەڵێت 59 کەس لە کۆنگرەی سێیەمدا دژی سیاسەتی گەشەکردنی ناسەرمایەداریی بوون ، واتە بە بەهادین خۆیەوە 60 کەس کە نزیکەی هەموو نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی کوردستان دژی ئەو سیاسەتە بوون ، بەڵام حەڵوایی ئەو نارەزاییە بچوک ئەکاتەوە و ئەڵێت لە کۆنگرەکەدا تەنیا 33 کەس دژی بوون ، لە کاتێکدا جگە لە نوێنەرانی کوردستان، چەندان نوێنەری تریش لە عێراقییەکان لە هەمان کاتدا دژی سیاسەتی گەشەکردنی ناسەرمایەداریی دەنگیاندا.

سیاسەتی گەشەکردنی ناسەرمایەداریی کە زیانبەخشترین سیاسەتی لێنینیستەکانی ڕوس بوو بۆ حیزبە شیوعییەکان ، نزیکەی هەموو حیزبە شیوعییەکانی سەربە ڕوس کوێرانە پەیڕەویان کرد ، لە لایەکەوە بوو بە هۆی ئەوەی کە ئەو حیزبە شیوعییانە بە سەرکزیی لەژێر سێبەری دەسەڵاتە سەربازیی ، فاشیست و دیکتاتۆرەکان و ئیسلامییەکاندا بژین ، لە لایەکی تریشەوە بوو بە هۆی دەیان تراجیدیای مەزن کە نەک هەر سەری زۆر حیزبی شیوعی گەورەی تیادا خورا ، بەڵکوو گەلانیشیان توشی تراجیدیای مەزن کرد.
تراجیدیاکانی میسر ، سوریا ، عێراق ، ئیندۆنیسیا ، ئۆروگوای ، پێرو ، شیلێ و چەندان وڵاتی تر کە ژمارەی قوربانییەکان چەندان میلیۆن بوون ، نمونەی گوێڕایەڵیی حیزبە شیوعییەکانی ئەو وڵاتانە بوو بۆ ڕوس و پەیڕەوکردنی ئەو سیاسەتەماڵوێرانکەرەی "گەشەکردنی ناسەرمایەداریی بەرەو سۆشیالیزم".

**پەیڕەوکردنی ئەو سیاسەتە لە لایەن حیزبە شیوعییەکانەوە کە لە چەرخی ڕوسدا بوون ، سیستماتیک بوو ، تەواوی سیاسەتە ناوخۆیی ، هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکانیان ، تەواوی بەرنامەی هەنوکەیی ، ستراتیج و پەیڕەوی ناوخۆیان لەژێر ڕۆشنایی ئەو سیاسەتە گەشەکردنە ناسەرمایەدارییەدا دائەڕشت.**

ئەوەی کە جێی داخە ، ئەوەیە کە لە ئەنجامی بەردەوامیی ساڵەها ساڵەی پەیڕەوکردنی ئەو سیاسەتە لە لایەن هەندێک لە حیزبە شیوعییەکانەوە ، هەر وەک زۆربەی دیاردە کۆمەڵایەتی ، سیاسی و ئابورییەکان ، ئیتر بوو بە کەلتور و داب و نەریتی ئەو حیزبە شیوعییانە ، تا ئێستاش لەگەڵ ئەوەدا کە سۆڤیەت و وڵاتە سۆشیالیستەکان نەماون ، حیزبە شیوعییەکانیشیان زۆربەیان پوکانەوە، هەندێکیشیان هەر نەمان ، بەڵام زۆربەی حیزبە شیوعییەکانی وڵاتە دواکەوتووەکان ، وەک حیزبی شیوعی عێراق و لقەکەی کوردستانی ، هەر بەردەوامن لە ژیانی سەرکزیی لەژێر سێبەری دەسەڵاتە فاشیستە ئیسلامییەکان و خێڵ و بنەماڵە دەسەڵاتدارەکاندا ، بە هۆی نقومبوونیان لە قوڵایی ئەو کەلتور و داب و نەریتە خۆبەدەستەوەدەرییەدا.

لە ئەنجامی ئەو هەڵە ئایدیۆلۆجیایی و ناچینایەتییەماڵوێرانکەرانەی دەیان ساڵەدا ، زۆربەی ئەو حیزبە شیوعییانە ، وەک کۆمەڵەیەکی "**ڕۆشنبیرانی مارکسیی**" ، یان کۆمەڵەیەکی "**پیرانی سیاسی**"یان لێهاتووە ، بێ جەماوەر ، بێ چالاکیی ، بێ پلان ، بێ بەرهەم ، بێ گۆڕان و تازەگەریی ، ژیان لە چاوەڕێی مردندا بەسەرئەبەن. لە هەڵبژاردنەکانیشدا کەمترین ڕێژەی دەنگەکان ئەهێنن، تەنانەت بە "گەلەکۆمەکێ"ی هەموو ئەو لایەنانەی کە خۆیان بە "چەپ" ئەزانن، لە سەتا یەکی دەنگەکانی جەماوەری گەلەکەشیان ناهێنن.